لە شاری هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان هیچ حاڵەتی کوشتنی ژن تۆمارنەکراوە

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ڕێکخراوەکان و بەڵووبەراییەتیەکان، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە هەزار ئافرەت لە هەرەمی کوردستان کوژراون یان خۆیان کوشتوە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئەنجامی توندوتیژیی و کوشتن لەژێر ناوی شەرەف، دەستدرێژیی سێکسی، کێشەکانی کەمەایەتی، بازرگانیکردن بە ژنە و کچ، هەڕەشە و سووکایەتیکردن، هەروەها خیانەت.

بەپێی ئامارەکان ئێم توندو تیژیانە ساڵ بەساڵ لە کشان دایە و زۆربەی ناوچەکانی هەرەمی کوردستان ئێم حاڵەتانەیان تیا تۆمار دەکرێت، لەمانە تەنها شاری هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان وەک ناوچەیەک کە حاڵەتی "ژن کوشتن"ـی تیا ئەنجام نادرێت ئاماژەی بە کراوە، هەرچەندە ژمارەیەک لە چالاکوانانی ژنان دەڵێن لە هەڵەبجە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی هەیە، بەڵام دەشارێتەوە.

سۆزان فەرەج، چالاکوانی بواری ژنان پێشتر بە سایتی ئاوێنەی ڕاگەیاند: توندوتیژیی تەنها "ژن کوشتن" نییە، بەڵکو چەندین هەڵسکەوت و ڕەفتاری نەشیاو دەچنە خانەی توندوتیژییەوە و لە هەڵەبجە و هەورامان توندوتیژیی هەیەو بەشێوەیەکی عەشایەری چارەسەر دەکرێ.

هەروەها گوڵستان مەحەممەد، بەرپرسی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە هەڵەبجە جەختی لێوە کردەوە کە توندوتیژیی دیاردەیەکی جیهانییە و ناکرێ بوترێت لە هەڵەبجە و هەورامان بەتەواوی بنبڕکراوە.